دەمەوێت منداڵەکانم ئەهلی ریسکبن

(2-2)

جەمال هەڵەبجەیی

ئەو رەفتارانەی دەبنە هۆی ئەوەی کە منداڵان لە دەستدانە هەر کارێکی نەناسراو بسڵەمێننەوە یا ئەوەی کە لەبنەڕەتەوە دژایەتی هەر گۆڕانکاری یەك بکەن، یا ریشەیەکی دەروونی هەیە یاخود وا هەست دەکەن کە بە زیانی ئەوانە، لەدرێژەی باسەکەدا ئامارژە بە چەند خاڵێك دەکرێت کە بیرکردنەوە و رەفتاری نێگەتیڤانە بە هێز دەکات، لەبەر ئەوە خاڵەکانی خوارەوە بە وردی بخوێنەرەوە و بزانە چ خاڵێك لەگەڵ بیروراکانی تۆدا تەبایە:

1. تۆ ژیان پڕ مەترسی وجیهان بە شوێنێکی مەترسیدار و نیگەرانکەر دەبینیت:

ئەگەر سەربەخۆنەبیت، منداڵانێك پەروەردە دەکەیت کە پاشکەوتە و شەرمن و بەتەواوی ئاتاجی تۆن، تۆ وەك کەسێکی باڵغ، بەڵام پاشکەوتە، منداڵەکانی خۆت وەك خۆت بار دەهێنیت، بۆ تۆ ئاسانترە کە منداڵەکانت لە ئەزموونی نوێ بترسێنیت، چونکە ئەمە تەواوی ئەومەسەلەیەیە کە دەیزانیت و وا هەست دەکەیت کارێکی گرنگە کە منداڵەکەتان پشت بە تۆ ببەستێت، لەکاتێکدا کە دەبێت فێری بکەیت خۆی ژیان ئەزموون بکات.

2. ناتەوێت رەفتارێکی وای هەبێت کە جیاواز بێت لەگەڵ شێوە مامەڵەی تۆ لەگەڵ ژیاندا بۆ تۆ هاو ئاهەنگی و سازگاری لەماڵەوە، قوتابخانە یاخود لەرەوتی ژیاندا پەسەندترە، لەبەر ئەوە بۆ تۆ ئاسانترە کە منداڵەکەشت فێری سازگاربوون ببێت، بوکەلەیەك یا خۆد روبۆتێکی ئاسن رەنگە لەماڵەوەتان بەهەمان شێوە رەفتار بکات.

3. وای بە باش دەزانیت لەبری ئەوەی لەگەڵ هێزی بیری خۆتدا بژیت، لەگەڵ خووەکانی خۆتدا بژیت، ئەو منداڵانەی کە لە گۆڕانکاری دەترسن بەزۆری هاندەدرێن کارێك بکەن کە داوایان لێدەکرێت، راست و دروست هەمان ئەو کارەی کە دایك و باوکیان ئەنجامیان داوە، ئەمە ئاسانترین وکەم مەترسیدارترین شێوەی ژیانە، بۆ دایك وباوك شێوەیەکە لەتەمبەڵی، چونکە بۆ کاری داهێنان و نوێ وزەیەك بەخەرج نادەن.

4. چونکە خۆت لەشوێنکەوتەی زۆرینەدا دەبینیتەوە هەست بە ئارامی دەکەیت، ئاسودەترین کارگەلێك ئەنجام دەدەیت کە کەسانی دیکەش ئەنجامی دەدەن و هەماهەنگ و هاوڕەنگیت لەگەڵ زۆرینەدا، هەوڵدەدەیت لەلایەن کەسانی دیکەوە نەکەویتە بەر رەخنە و ژیانێکی ئارامت هەبێت، هاوڕەنگبوونی زۆرینە، زۆرینەیەك کە لە گۆڕانکاری دەترسن، جۆرە ژیانێك کە لە ترس دروست دەبێت "ئاندرۆ جەکسۆن" دەڵێت: "کەسێك کە دڵ و بوێری هەبێت زۆرینە دروستدەکات"، بەڵام راستییەکەی وەك زۆرینە بیرکردنەوە، سادەترین وکەم مەترسیدارترین شێوەی ژیانە کە دەتوانیت فێری منداڵەکانی بکەیت

5. زۆرتر هەوڵدەدەیت بە رێگەیەکی راست و دروستدا هەنگاو هەڵبگریت نەك رێگەی مرۆڤەخۆشبەختەکان، کاتێك منداڵەکان فێر دەکەیت تەنها بە رێگەیەکی ناسراودا گوزەر بکەن و خۆیان لە گۆڕانکاری و تەیکردنی رێگە نەناسراوەکان ببوێرن، لە راستیدا فێریان دەکەیت هەستی تەندروستی و ئاسایشیان هەبێت، دژوارە بتوانرێت لەزەمینەگەلێکدا کە هەرگیز تیایدا نەبووین، هەڵسەنگاندنێك بخەینەڕوو، چونکە منداڵان هاندەدەین کە لە جێگە وهەلومەرجێکدا بمێننەوە کە بە - تەندروست و گونجاوی - دەزانین، ساغ و تەندروست بوون تەنیا لەو زەمینانەی کە ئاشنان، هاندەدرێن و لەبەر ئەوە رێگری لە هەر کارێکی نوێ دەکرێت

6. بە مەبەستی خۆدوورخستنەوە لە مەترسی وشکست، خۆت دەبوێریت لە هەر جۆرە گۆڕانکارییەك، ئەگەر باوەڕت وابێت کە شکست شتێکی خراپە، هەوڵدەدەیت خۆت ببوێریت لە هەر شتێك کە ببێتە مایەی شکست، لەو روانگەیەوەکە ئەسڵ لە فەرهەنگی ئێمەدا بریتییە لە سەرکەوتن، ئیدی شکست زۆر بە ناشیرین دادەنرێت، لەبەرئەوە تەواوی کۆششی خۆمان بەگەڕ دەخەین تاوەکو براوە بین بەو واتایەی بە هەر بەهایەك خۆ دەبوێرین لە هەر جۆرە ریسکێك و منداڵانیش هاندەدەین تاوەکو هەر ئەم کارە بکەن.

7. بە دروستکردنی ئاستەنگ لەبەرامبەر منداڵانێکدا کە حەز دەکەن خەون و ئارەزوو خوازی بکەن رەنگە هەست بکەیت کە دەتوانیت رێگە لەرووبەڕووبونەوەی منداڵەکان بگریت لەشکست لە ژیانیان تۆ ناچاریان دەکەیت تاوەکو ئاسۆی بینینی خۆیان سنوردار بکەن، بە رێگە ناسراو و ئاشناکاندا گوزەر بکەن، لەمەترسی و هەروەها لە ناکامی دوور بکەونەوە، بۆ ئێمەی دایك و باوك دژوارە بینەری ناکامی منداڵەکانی خۆمان بین، لەبەر ئەوە ئامۆژگارییان دەکەین کە ئاسۆی دیدی خۆیان سنوردار بکەن، ئەم کارەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە باوەڕ بەوە بێنین کە ئەوان رەزامەند و خۆشبەختن، هەڵبەتە رەنگە ئەوان رەزامەند بن، بەڵام هەرگیز سەرکەوتوو بە توانا نین، بۆ ئێمەی دایك وباوك تاوانی سەرنەکەوتنی ئەوان زۆر قورسە، لەبەر ئەوە بەناوی دوورکەوتنەوە لە شکست و نائومێدی، دەبینە رێگر لە خەونی گەورەیی و پێشکەوتنیان، "هەڵبەتە زۆرتر نائومێدی و شکستێك کە لێیان دەترسین، پەیوەستە بە خودی خۆمانەوە نەك منداڵەکانمانەوە".

8. بەم بیانووەی کە "ئەگەر هەلومەرج بۆ من باش بێت، بۆ منداڵەکانیشم هەرباش دەبێت" لێناگەڕێیت منداڵەکان بڕۆنە زەمینەگەلێکی نوێ و نەناسراوەوە، ئەم جۆرە تێڕوانینە ئارامیت پێدەبەخشێت، چونکە ناهێڵێت کارێکی نوێ ئەزموون بکەیت، هەروەها لە بەرامبەر منداڵەکەیشدا رەهات دەکات لە وەرگرتنی هەر بەرپرسیارێتییەك، ئاشکرایە ئەنجامدانی کارەکان بەجۆرێك کە هەر رۆژێك دووبارەت کردوونەتەوە، رێگەیەکی ئاسانتر و ئاسایشترەو ئەگەر رەوشی خۆت نەگۆڕیت پێشکەوتن و بەرزبوونەووە هەرگیز بەدەست نایەت.

ئەگەر منداڵەکانت فێر نەکەیت کە گۆڕانکاری شتێکی حەتمی و خۆلێنەبوێردراوە وئەگەر هانیان نەدەیت تا لەدنیای شتە نەناسراوەکاندا بکۆڵنەوە و بەدواداچوون بکەن، دەرەنجامێکی دەبێت کە ئاماژە بۆ گرنگترین خاڵەکانی کرا، ئەگەر بزانیت تا چەندێك ئەم رەفتار و تێڕوانینانە بە زیانی خۆت ومنداڵەکانت کۆتایی دێت، تێدەگەیت ئەگەر ئەم تێڕوانینە کۆنانە نەوە بە نەوە دووبارە ببنەوە منداڵەکانتان ناتوانن ببنە مرۆڤێکی بە توانا و کارا، لەم حاڵەتەدا لە دووی شێوەگەلێکی نوێی بیرکردنەوە و مامەڵەکردندا بن لەگەڵ منداڵەکانتان، بابەتگەلێك دێنەئاراوە، شێوەگەلێکی نوێ و سەرنج ڕاکێشە بۆ هاندانی منداڵان، تا لەبری ترس لەگۆڕانکاری، پێشوازی لەو شێوەگەلە نوێ و سەرنج راکێشانە بکەن و لەبری ئەوەی کە هەمیشە سود لە سکێچە کۆنەکانی ژیان وەربگرن، پێبنێنە نێو زەمینە گەلێکی نوێوە، لە بیرتان بێت کە مرۆڤی ئەفرێنەر لە دووی نوێکاری و کاری نوێدایە، حەزی بە بابەتگەلێکی نهێنی ئامێزە و حەزدەکات دیدگایەکی باشتری سەبارەت بە گۆڕانکاری هەبێت،

شێوەگەلێك هەن كە ئەگەر منداڵەكانت بەشێوەیەكی ڕێكوپێك دەست و پەنجەی لە گەڵدا نەرم بكەن، هەمیشە ڕووبەڕووی شتە نەناسراوەكان دەبێتەوە.

چەند ڕێنماییەك كە هانی منداڵان دەدات لە بری ترسان لەشتە نەناسراوەكان، پێشوازییان لێبكەن:

1. بەسود وەرگرتن لە شێوەگەلێكی گونجاو وئەژمار بۆكراو و،خستنەڕووی پرسیار و پێشكەشكردنی بیری نوێ و دیتنەوەی زەمینەگەلێكی نوێ، هانی منداڵان بدە، لەونێوەندەشدا دەبێت منداڵان ژیان بە ڕووداوێك بزانن كە پڕ كارەساتە و ڕێگەیەك نییە كە بە پەیڕەولێكردن وشوێنكەوتنی كەسێك بە ئەنجام بگات، لە دنیای ئەمڕۆدا پێویستە منداڵەكانی خۆتان لەو مەترسییە واقیعییانەی كە هەن ئاگادار بكەنەوە، بەشێوەیەك كە لەگەڵ مامەڵەكردن لەگەڵ كێشەكاندا تەواو هۆشیار بجولێنەوە، بەڵام ئەگەر هەموو دنیاش بە ئاشووب و شوم و مەترسیدار بزانێت، ڕەنگە زیاد لەپێویست ئیحتیات و وریایی بەخەرج بدات.

لە هەر كۆمەڵگەیەكدا مەترسی واقیعی و ڕووداوگەلێكی جۆراوجۆر بوونی هەیە، بەڵام منداڵێك كە لە دنیای شتە نەناسراوەكاندا بترسێت هەرگیز ناتوانێت لێهاتووی پێویست بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ مەترسیدا بەدەست بهێنێت و توانای جیاكردنەوەی هەلومەرجی مەترسیدار لەڕووداوی نوێ وسەرنجڕاكێش وەدەست ناهێنێت،هەموو نامۆ و غەریبەكان خراپ نین و ئەگەر ئێمە هیچ كاتێك لەگەڵ كەسێكی نامۆدا نەدوێین، بێگومان هەرگیز ناتوانین ئاشنا بین بە كەسانی نوێ، ئاشكرایە دەبێت هەمیشە كەسێكی بەرپرس چاودێری منداڵە زۆر وردەكان بێت، بەڵام كەم كەم كە ئەم منداڵانە گەورە دەبن، دەبێت هانیان بدەینە تا بتوانن هەلومەرجی مەترسیداری خۆیان دەستنیشانبكەن، چونكە ناتوانن هەر ساتێك لە ژێر چاودێریدابن و لە هەمان كاتدا درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن، ئەگەر وەبیری منداڵەكان بهێنینەوە كە دەبێت هەم هۆشیاری بە خەرج بدەن و هەم پشت بەتواناكانی خۆیان ببەستن، تەنانەت كاتێك كە سەبارەت بە بابەتێك دوودڵن، هانبدرێن كە بابەتە نوێیەكە ئەزموون بكەن، دەتوانرێت ئومێدەوار بین كە منداڵەكانمان مرۆڤگەلێكی ئەفرێنەر رابێن، لەدەرەوەی ئەم حاڵەتەدا ترسنۆك دەبن كە بۆ جیاكردنەوەی حاڵەتی ئاسایی و مەترسیدار هەرگیز ناتوانن پشت بە خۆیان ببەستن.

2. هانی منداڵەكان بدە تا خواردنی نوێ ئەزموون بكەن و هەوڵبدە تا خۆراكگەلێكی جۆراوجۆر ئامادە بكەن كە خودی خۆت حەزت لێی نییە، بۆ چ منداڵەكانی‌ئێوەرقیان‌لەكەلەرمە؟؟ تەنیا بە بیانوی ئەوەی كەبە زەوق و سەلیقەی ئێوە سازگار نییە؟! تا ئەوكاتەی كە منداڵەكان زۆر بچوكن، چەندین جۆر خۆراكیان بۆ لێبنێ و ئاشنایان بكە بە خۆراكی جۆراوجۆر تا لە هەڵبژاردنی خۆراكدا چەندین بژاردەی جۆراوجۆریان لە بەردەستدا بێت، زۆر كەس لە هەموو ژیانیاندا تەنها سود لە چەندخۆراكێكی تایبەت وەردەگرن، چونكە كاتێك كە منداڵ بوون تەنیا ئەو خۆراكانەیان خواردووە،مرۆڤەداهێنەرەكان‌كەسانێكن كە لە ژیاندا توانای هەڵبژاردنیان هەیە، بۆ ئەو كەسانەی كە بە كردەوە دەتوانن هەموو شتێك بخۆن و ئارەزوومەندن كارێك ئەزموون بكەن كە پێشتر هەرگیز ئەزمونیان نەكردووە، ژیان زۆر چێژ بەخشترە.

3. هەوڵبدە منداڵەكان تا دەكرێت پەرستگای جۆراوجۆر ببینن، منداڵان بە هزرە گەورەكانی بیریارە ئایینی یەكانی تەواوی جیهان و هەموو مێژوو ئاشنا بكە،هیچ‌كەسێك‌نابێت‌سنورداریێتی بیری مەزهەبی لە دەستی خۆیدابهێڵێتە، پەیڕەوی كردن لە دەستوراتی مەسیحی دژایەتی یەكی نییە لەگەڵ ئەوەی كە مرۆڤێك وانەكانی موحەمەد و موسا ـ د.خ ـ وبودا وكۆنفۆسیۆس مەسیحیەت بخوێنێتەوە، منداڵان دەبێت ئاشنابن بە هەموو بیروباوەڕە ئایینییەكان وپاشان خۆیان باشترینیان هەڵبژێرن، تەنانەت ئەگەر بیانەوێت لەسەر بیروباوەڕێكی تایبەتیش بمێننەوە ئەوا دیسان هەر كێشەیەكی تێدا نییە كە ئاشنابن بەبیرو باوەڕی كەسانی دیكە، مرۆڤە بە تواناكان لەبری ئەوەی كە تەنیا پابەند بن بەو دیدگایانەی كە لە خێزانەكانی خۆیاندا بیستویانە، ئەوا دیدگای خۆیان هەڵدەبژێرن، ئێمە دەمانەوێت منداڵان بۆ خۆیان بیر بكەنەوە و هەڵسوكەوتیان لەگەڵ كەسانی دیكەدا لە سەر بناغەی زنجیرەیەك بنەمای ئەخلاقی بێت، هانیان بدە و لەبری ئەوەی وەك ڕۆبۆتێك خۆیان بە ملزەم بزانن بەوەی كە دەبێت نەوە دوای نەوە پەیڕەوی لە بیروباوەڕە ئایینی یەكان بكەن، خۆیان ئاسۆی فكری ـ ئەخلاقی خۆیان دەستنیشان بكەن.

4. خۆ ببوێرەلەخوو گرتن بە تەنیا ڕێبازێكی‌سیاسیەوە‌بۆ‌خۆت‌و‌منداڵەكەت، دەرفەت بدەرە منداڵەكانت تاوەكو ئاشنا بن بەدیدگا جیاوازەكان و بیرو باوەڕەكانی خۆی لە سەر بنەمای هۆشیاری بسازێنێت، پێیان نەڵێن ئێمە لایەنگری فلان گروپ

یاخود حیزبین، لێگەڕێ تا جیاوازی گروپ و حیزبەکان بناسن، هانیان بدە تاوەکو دەنگ بەحیزبێکی تایبەت نەدەن، بەڵکە دەنگ بە کەسێك یاخود کەسانێکی تایبەت بدەن کە بەبیرکردنەوەی ئەوان ئاشنان، حیزب بەدەر لەکۆمەڵە تاکێك شتێکی دیکە نییە کە بە هۆی دیدگای تایبەتەوە لە دەوری یەك کۆبوونەتەوە، کەسێك کە بە هۆی هەڵبژاردنی حیزبەوە دەنگدەدات، خاوەن بیری خۆی نییە و مرۆڤێکی ئاسنی بێ ئەقڵە کە لێدەگەڕێت کەسانی دیکە لەبری ئەوان بڕیار بدەن، ئەم جۆرە دەنگدانە بۆ کاندیدانێك کە شوێنکەوتەی گروپێکی تایبەتن، وەك گروپی یەکگرتوویی، گروپی ئابووری، گروپی نەژادی و هتد، راست دەردەچێت، یارمەتی منداڵەکان بدە تاوەکو بۆ خۆیان بیر بکەنەوە و رابەرێکیان نیشان بدەکە بەو جۆرە کاردەکات، یارمەتیان بدە تا کارێکیان نەبێت بەناونیشانەکانەوە لەبڕیارداندا پشت بە خۆیان ببەستن، "سورن کرکگارد" زانای ئایینی دانیمارکی دەڵێت: "کاتێك ناوناتۆرەم لێدەنێیت ئەوە خودی من نەفی دەکەیت،" ئێوەش حەز ناکەن منداڵەکانتان تەنها ناونیشانگەلێکی کلێشەیی و دوور لە بیروباوەڕ یاخود دەربڕینی بیروبۆچونی کەسی بن، دڵنیاترین ڕێگە بۆ ئەوەی کە ئەم هەلومەرجە روونەدات ئەمەیە کە هەموو منداڵەکان هانبدەیت پێشەوابن نەك پەیڕەوکار.

5. هانی منداڵەکانت بدە هەر لەسەرتای منداڵێتییەوە ئەهلی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بن، منداڵێک کە بۆ هەر کارێک پشتگیری لێبکرێت، زۆرخێرا ئەم پەیامە وەردەگرێت "کەسێکی گەورەتر ئەمکارەم بۆ ئەنجامدەدات، کەواتە بۆچی هەوڵبدەم؟" کاتێک منداڵێک هەوڵدەدات خۆی خواردن بخوات، بەڵام بە هەڵە کەوچکەکە دەکێشێت بە لوت و ناوچاوی خۆیدا، چەندساتێک بیر بکەرەوە دەبینیت کە کەم کەم فێردەبێت چی بکات، پاشان هانی بدە، کاتێک سەرکەوت لەوەی کە خواردنە کە بخاتەدەمییەوە، هەستت دەربڕە و پێبکەنە، ئەگەر منداڵەکان دەیانەوێت خۆیان جل و بەرگ بپۆشن، دەرفەتی بدەرێ تا ئەوکارەیە بکات، تەنانەت ئەگەر جار جارەش جل و بەرگەکان پاشو پێش لەبەر بکەن، لێگەرێ منداڵەکان بۆ خۆیان هەندێک لەکارەکان ئەنجام بدەن، وەك کۆکردنەوەی پێداویستییەکانی خۆی لە سەرزەوی، زووتر فێری دامەزراوی پایەدارییان بکە، هەروەها خێراتریش پاداشتی پەیوەستییان بدەرەوە، هەموو منداڵانی دنیا ئەم رستەیە دەڵێنەوە کە "من بۆ خۆم دەتوانم ئەنجامی بدەم" مەگەربە تەواوی باوەڕیان بەوە هێنابێت کە ئەقڵی ئەوان پێرا ناگات و تەنیا بابە یاخود دایە دەتوانن بۆیان ئەنجام بدەن، چەندین جار گوزارشتگەلێکی لەم چەشنەمان لە دایك - باوك بیستووە کە "هەر ئێستا ئەمە بخۆ ـ نازانی کە من دەزانم تۆ برسیت" یاخود "دەتەوێت برۆیتە دەرەوە ئەم چاکەتە لەبەر بکە ـ نازانی کە من دەزانم سەرماتە ؟" هەر لەو منداڵییەوە تەنانەت بەر لەوەی کە فێری بە رێوە رۆیشتن ببن، فێریان بکە کە

دوور لە دەستێوەردانی کەسێکی گەورەتریش دەتوانن پانتایی دنیای بچوکی ژیانی خۆیان بناسن.

6. بە نیشاندانی نمونە و بە هاندان منداڵان فێر بکە کە مرۆڤ نابێت ببێتە کۆیلەی مۆدە و شتە باوەکان، ئەگەر چی سودوەرگرتن لە هەندێك مۆدی نوێ کێشەیەك نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت منداڵان فێر ببن کە نابێت پەیوەست بن بە مۆدە و وا بیر بکەنەوە کە ئەگەر گوێ نەدەنە ئەم شتە کاتی و زوو گۆڕەرییانە "بە دواکەوتوو دادەنرێن" لەم بارەوە لەگەڵ منداڵاندا بدوێ کە گرنگی هەڵبژاردنی جل وبەرگ دەبێت لەسەر بنەرەتی نیاز وپێویستی بێت نەك لەسەر بنەرەتی ئەمەی کە کەسێکی دیکە ئەو جل وبەرگە دەپۆشێت، پێویستی شوێنکەوتن بەم بیانووەوەیە کە کەرەستەیە بۆ پەیڕەویکردن لە زۆرینەی کۆمەڵگە و لەبەر ئەوە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تۆش وەك کەسانی دیکە بیر بکەیتەوە، هەڵس وکەوت بکەیت وجل و بەرگ بپۆشیت،ئەگەر منداڵان بە جۆرێك پەروەردە بکەیت کە بە تەواوەتی وەك کەسانی دیکەبن، خودی خۆیان چییان پێیە بۆ دەربڕین وخستنە ڕوو؟ کاتێك ئەوان ئەو شتەیان دەوێت کە کەسێکی دیکە دەیپۆشێت، ڕاستەوخۆ پرسیاریان لێبکە: "ئایا دەتەوێت بە تەواوی وەك کەسانی دیکە بیت؟ یا ئەوەی کە بەڕاستی وا بیر دەکەیتەوە ئەم جل و بەرگە لێدێت و شایستەتە؟؟؟" لە ڕێی نمونە هێنانەوە فێریان بکە کۆت و بەند نەبێت بەوەی کە جێگە پەسەندی هەمووانە، نیاز بە وێکچوون میکانیزمێکە بۆ هەماهەنگی لەگەڵ زۆرینەدا ناچارت دەکات وەك هەمووان بیر بکەیتەوە، هەڵس و کەوت بکەیت و جل و بەرگ بپۆشیت، ئەگەر منداڵەکانت وەك کەسانی دیکە رابهێنیت، ئیدی خۆتان چیتانداوە پێیان، کاتێك داوای جل و بەرگێك دەکەن کە هەمووان لەبەری دەکەن لێیان بپرسە: "پێت وایە ئەم جل و بەرگەت لێدێت؟؟ یا ئەوەی کە دەتەوێت وەك کەسانی دیکەت لێبێت؟؟" دواتر ئەگەر بە راستی ئەوەیان دەویست لە هەر تەمەنێکدا بوون ئەوا بنێرە بۆ کرینی ئەو جل و بەرگە.

7. ئەگەر منداڵەکان شەڕیان لەگەڵ یەکدیدا کرد، لێگەڕێ بزانن کە لە مەسەلەکەیان ئاگاداریت و دەزانیت کە شەر دوولایەنە دەبێت، ئەسپینۆزا دەڵێت: "گرنگ نییە چەندێك ناسك دەیبڕیت، گرنگ ئەمەیە کە هەمیشە دوولایەن هەیە" ئەم مەسەلەیەت لە پێش چاو بێت و پاشان بە منداڵەکان بڵێ پەیڕەوی لەیاساکان بکەن، گوێ بۆ ئامۆژگارییەکان بگرن یاخود هەمیشە هەق بە مامۆستایە و هەمیشە دەبێت ڕێز لە گەورەکان بگرن، تۆ حەز ناکەیت لە بری منداڵێکی بە توانا منداڵێکت هەبێت کە کوێر کوێرانە گوێڕایەڵ بن، کەسە بەتواناکان لە زۆرحاڵەتدا خۆیان لە ئاراستەی پێچەوانەی مرۆڤە بەتواناکاندا دەبیننەوە، منداڵانیش بەهەمان شێوە. هانی منداڵەکان بدەن کە لە هۆکان بپرسن و بڵێن (بۆچی؟؟) و بەهۆی بپرسیارەوە سەرزەنشتیان مەکەن هیچ کاتێك بە هۆیەوە کارێك ئەنجام نەدەن کە کەسانی دیکە ئەنجامیدەدەن.

ئەو گۆڕاکاریانەی کە بوونەتە هۆی پێشکەوتنی جیهان بە هۆی ئەمەوە نەبووەکە دەستەیەك خاوەنی شێوە فکرەیەك بوون وپێی دڵخۆش بوون، بەڵکو گۆڕانکارییەکان لە کەسانێکەوە سەرچاوەیان گرتووە کە لەگەڵ ئاداب و ڕێورەسمێکی باودا کەوتوونەتەوە جەنگ و هەرایەوە کە جەوهەری خۆیان لە دەستداوە، ئەم بیرۆکەیە لەمێشکی منداڵەکەت بکەرە دەرەوە، مەگەر ئەوەی بتەوێت کاتێك گەورەبوو کەسێکی نارازی و پەیڕەو کار بێت، منداڵەکانت فێر بکە کە هیچ جیاوازی یەك نییە لە نێوان کەسانێك کە تەنیا پەیڕەوکارن و کەسانێك کە تەنیا سازی نەیاری دەژەنن، ئەو کەسەی کە نەیاری پەیڕەکارییە وتەنیا دەیەوێت لەبەرەی نەیاریدابێت، دەتوانرێت لەگەڵ حەز و رەفتاری کەسانی دیکەدا رابهێنرێت،ئەم جۆرە نەیاریکردنە ناواقیعییە بە هەمان ئەندازە کە پەیڕەوی لێکردن ناواقیعی بوو بەهۆی بەڵگەکانی سەرەوە، منداڵەکانت فێربکە تا راستگۆیانە دەروونی خۆیان بگەڕێن و ئەگەر کێشەیەکیان دیتەوە خۆیان چاکبکەن.

کاتێك (لوری) خوێندکارێکە تەمەن پانزە ساڵە بوو لەوانەی بیرکاریدا دوچاری کێشەیەك بوو لەگەڵ مامۆستاکەیدا و لەئاکامی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەدا لەپۆل کرایە دەرەوە، داوام لێکرد بیر لەدەرەنجامی کارەکەی خۆی بکاتەوە، پێم وت بەهۆی کۆششێك کە بۆ چاککردنی بیروباوەری مامۆستاکەی هەیەتی زیان بە خۆی دەگەیەنێت و پێشنیارم کرد باشتر وایە بەئارامی پەیگیری وانەی بیرکاری بکات وئەو ناکۆکییەش فەرامۆش بکات کە لەگەڵ مامۆستاکەیدا هەیبوو، لەو ڕوانگەوەی کە ئەو ئەو رقونەفرەتەی فەرامۆش کرد کە بەرامبەر بەمامۆستاکەی هەیبوو توانی دوور لەکێشە بەبیرکردنەوەی قووڵەوە درێژە بەخوێندنی خۆی

بدات، گرنگ ئەوەیە کە ئامانجی ئەو ئەمە بوو کە وانەی بیرکاری تێپەڕێنێت ولەخوێندنەکەی بەردەوامبێت، بەڵام چەند مانگێك دواتر کاتێك لەبارەی بابەتێکی دیکەوە بەشێوەیەکی نادادانە مامەڵەی لەگەڵداکرا بوو پشتگیریم لێکردوو ویستم لە راوێژکار و چاودێری قوتابخانە شکات بکەم، ئەوسەرسام بوو، سەبارەت بە بیرکاری ئەو چووبووە ناو جەنگێکی نەشیاوەوە، بەڵام ئێستاش کە لەو بارەوە کە نادادی بەرامبەر کرا بوو، لە هەرتەمەنێکدا منداڵەکانت فێربکە کە پرسیارکردنی (بۆچی؟) زۆر گرنگی هەیە خەبات و شەڕ دژی نادادی کارێکی ئاقلانەیە، بەڵام جەنگێکی بێ سود کە دواجار بە قووربانی بوونی ئەوان کۆتایی دێت، بریتییەلە بەفیڕۆدانی کات.

8. بۆ ئەوەی جارجار بتوانیت منداڵەکان بێدەنگ بکەیت رەگەزگەلێکی وەك دێو ودرنج خوو خو شەولەبان و...هتد لەبیرو هۆشیاندا دروست نەکەیت، منداڵە ترسنۆکەکان کاتێك گەورە دەبن لە مەسەلە نەناسراوەکان زیاتر دەترسن، وێرای ئەوە منداڵێکی دوو ساڵە لە خێوو دێو و درنج دەترسێت بە هەمان ئەندازەیەك کە خودی خۆت لە لەتاریکی شەودا لە قولایی دارستاندا، لەدەنگ گەلێکی ناساز دەترسیت، لای ئەوان دێوو درنج خودی خۆتیت، رەوشگەلێکی نیگەران و ترسناك دەبێتە هۆی هێنانە ئارای وێناکردنێکی شۆکی و بۆ ژیان و سروشتی بەدگومانی لای منداڵان، ئەو منداڵانەی کە بەهۆی خراپ سوود وەرگرتنی تۆ لە پاکی ئەوان لە "نیشاندانی دنیای نەناسراوەکان" لەتاریکی دەترسن، بۆ هەموو تەمەنیان ترسنۆك دەبن.

دنیا شوێنی جوانییە و گۆڕانکاری بە ئەزموونێکی جوان دەژمێردرێت، ئەم مەسەلەیە بەمنداڵەکانت بڵێ تا هەمیشە پۆزەتیڤانە بیر بکەنەوە و ئومێدەوار بن، بۆ کەنارخستنی ئەوترسانەی کە بەهۆی هەڵەی تۆ یاخود کەسانێکی دیکەوە دروست بوون دەتوانیت سوود لەم گوزارشتەی خوارەوە وەربگریت، "دێو و درنج هەقیقەتی نییە ، هیچ کەسێك کاری بەتۆوەوە نییە، تۆ گەورەبوویت، وەرە پێکەوە بڕۆین وسەیربکەین کە هیچ شتێك نییە" هەندێکجار ترس لەلایەن خوشك یاخود برای گەورەترەوە، هەندێکجار لەلایەن فیلمە سینەماییەکانەوە،یاخودتەنانەت بەهۆی هەواڵەوە لەمنداڵاندا دروست دەبێت، زۆر خێرا دەبێت وەبیریان بهێنیتەوە کە لێبکۆڵنەوە و ترسێکی نەشیاویان نەبێت، تاوەکو هەموو تەمەنیان سود لەم رەوشە وەربگرن، نیشانیان بدە کە یەدەگی پێویست بە خەرج دەدەیت، بەڵام دەربارەی دێو و درنج و هاوچەشنەکانی نادوێیت.

9. کاتێك کە منداڵان باس لەئارەزوو و خەونەکانی خۆیان دەکەن، هانیان بدە، تەنانەت ئەگەرچی ئەوخەونانەش نەشیاو و نائەقڵانیش بن، کاتێك کە کورە گەنجەکەت پێت دەڵێت دەمەوێت ببمە دکتۆر، بەڵام نمرەکانی لە کارتەکەیدا لاوازە، پێویست ناکات کە وتارێکی رەسمی بەرپا بکەیت کە ئەم بەم نمرانەوە خەونی گەورەی نەبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە پشتگیری لێبکە و بڵێ: "بە دڵنیاییەوە، لە بیریابە، بۆچی نا؟ هیچ کاتێك بۆ هیچ کارێك درەنگ نییە"، "من دڵنیام ئەگەر هەوڵبدەیت، هەر کارێکت بوێت دەتوانیت ئەنجامی بدەیت" هیچ کاتێك رێگە لە منداڵان مەگرن لەبوونی ئامانج و خەونەگەورەکان، خراپترین شتی مومکین ئەمەیە کاتێك کە منداڵان رووبەرووی کێشەیەك دەبنەوە، سەرلەنوێ بەئامانجەکانی خۆیاندا بچنەوە.

شتێك کە منداڵەکانی تۆ پێویستە بیزانن ئەمەیە کە لە قسە و باسەکانی تۆدا وشەی "نامومکین" بوونی نییە و بزانن کە تۆ پێشوازی لەخەونەکانیان دەکەیت، تەنانەت ئەگەرچی ئەو خەونانەش بەبۆچوونی تۆ نامومکین بێت، وێناکە کاتێك ویلبر و ئوروێل بەدایك و باوکی خۆیان وت: کە دەیانەوێت بفرن، ئەوان چ هەستێکیان هەبوو؟؟، یاخود کاتێك کە ئەدیسۆن بە دایك وباوکی خۆی وت: دەیەوێت بەبێ ئاگر هەموو شوێنێك رووناك بکاتەوە، ئەوان چ هەستێکیان هەبوو؟؟، کاتێك کە هەنری فۆرد رایگەیاند کە دەیەوێت لەبری ئەسپ لەئۆتۆمبیلەکاندا سود لەماتۆڕ وەربگرێت، دایك و باوکی چ هەستێکیان هەبوو؟؟

لێگەڕێن تا منداڵان خاوەن خەونی خۆیان بن، هانیانبدەن خاوەن خەونی گەورە بن، رێگەی جووڵەیان لێ مەگرن، لێگەڕێن زیاتر لە گەڵتانا بدوێن وبڵێن کە چییان دەوێت و تەنانەت چ لێکۆڵینەوە پشکنینێك ئەنجام بدەن، بە راستی تۆ وا بیر دەکەیتەوە کە دواجار دەبێت کێ بۆ نەخۆشی شێرپەنجە و هەندێك نەخۆشی بێ چارەسەر، داوو و دەرمان و چارەسەر پەیدا دەکات.

10. منداڵەکان لە هەر تەمەنێکدا کە هەن هانیانبدە کە هەمیشە سەخترین رێگە بگرنەبەر، لێگەڕێ منداڵەکانت بزانن ئەگەر هەوڵبدەن بۆ چارەسەرکردنی

کێشـەیەك و دەرەنجامێکی خوازراویان بە دەسـت نەهێنا، تــۆ نائومێد نابیت، بزانن ئەگەر مامۆستایەکی خوێنەواریان هەبێـت وخراپ نمرە دەبەخشێت، تۆ نارەحەت نابیت، وەبیریان بهێنەوە ئەگەر دەیانەوێت لەسەر بەرزاییەکی بەرزەوە بـاز بدەن، وردی وهۆشـیاری پێویسـت بە خـەرج بدەن هانیان بـدەن کە کاری دژوار و پڕ لەئاسـتەنگ ئەنجـام بدەن، وەك وانەیەکـی بـیرکاری پێشـکەوتوو، پڕکردنــەوەی خشـتەیەکی سـەخت، مەلەکردن لەبنی حەوزێکدا بە درێژایی حەوزەکـە، سـەرکەوتن بەسـەر کێودا، ئەگەر راستەوخۆ نیشـانیان بدەیت کە شکستت پێ قەبوولەو هەمیشە ڕێگەیەکی ئاشنا و ناسـراو ناگریتەبەر، لە راستیدا نمونەی کەسێکت نیشـانداوە کە مامەڵە لەگەڵ دنیای شتە نەناسراوەکاندا دەکات.

11. لەبەرامبـەری کەسـانی دیکەدا ئاگـاداری داوەریکردنـی پێش وەخت و دەمارگیری خۆتبە، ئێمە دەربارەی شتێك داوەری پێش وەخت دەکەین کە لێی ئاگادار نین، چونکە داوەریکردنی پێشوەخت واتە قەزاوەتێکی دوور لەئەزموون و هۆشیاری، ئەم جۆرە بیرکردنەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کـە منـدالان هەڵبێن لەو شـتەی کە تۆ لەبارەیەوە پێش وەخت داوەریت کردووە و لێـی دوور بکەونــەوە، دەرەنجام زۆر تێناپەرێت کە دووچاری لاوازی و سنوردار بوونێـك دەبن کە تەمەنێك لە گەڵیاندا دەبێـت، مرۆڤە بەتواناکان پێش وەخت دەربارەی هیچ کەسـێك پێـش داوەری ناکەن، لە راسـتیدا ئەم کەسانە ئەسڵەن بەرامبەر هیچ کەسـێك قەزاوەت ناکەن و شـێوەی بیرکردنەوەی ئەمـان ئەوەیە کە ئەو کەسـانەیان پـێ قەبووڵە کە بە جۆرێکی دیکە بیر دەکەنەوە، هەرچەندێك ئەهلـی قەبوڵکردنـی کەسـانی دیکە و ئەهلی وردەکاری ولێکۆڵینەوەبین وڕێز لە کەسـانێك بگریت کە لە تۆ جیاوازن، ئەوا یارمەتی گەشـەپێدانی منداڵەکانت داوە، وێڕای ئەمە کارێکت کردووە تاوەکو ئەو ئاستەنگانە لەنێوبەریت کە خەڵکی لەیەك جیاکردوەتەوە.

ئەگـەر منـدالان فێربکەیـت تـا کەسـانی دیکەیـان خـۆش بوێـت و بـە هێمنـی و خۆراگـری لەگەڵیانـدا مامەڵەبکەن، و بۆ خۆشتان ئەهلی کار و کردەوە بن، ئەوا ئەو دەرەنجامە نالەبارە کۆتایـی پێدێـت کە بووەتـە هۆی ئەم هەمووە نەفرەت ورەنجاندنە لەجیهاندا، بەڵام تەنها ڕێگەیەك بۆ گۆڕینی کەسانی دیکـە ئەمەیە کە سـەرەتا لـە خۆت و پاشان لە منداڵەکانتەوە دەست پێبکەیت، گردوون ئالپۆرت کە دەربارەی دەمارگیری بێ چەندوچـوون نوسـیویەتی دەڵێت: "دایکانێك کـە منداڵەکانیان دەمارگیرن، زۆرتر لـەو دایکانەی کـە منداڵەکانیان دەمارگیر نین، باوەڕیان وایە کە گوێڕایەڵی

و ملکەچی گرنگترین شتێکە کە منداڵان دەبێت فێر بن" مەسەلەکە روونە، لەبری ئـەوەی منداڵەکان فێری "بەسـەر چاو دایکە" یاخود "بەسەر چاو باوکە" بکەیت، فێریان بکە بڵێن "بۆچی ؟" گەرنا فێری دەمارگیریانی خۆتی دەکەیت!

12. لـە بیرتـان بێت ئەرکـی دایك وباوك ئەمەیە کە منـدالان فێری ئەوە بکەن کـە خۆیان چاودێـری خۆیان بن، ئەمـە خاڵێکی گرنگە کە منداڵەکان فێر بکەین سـەربەخۆ را بێن و فێر ببن کە لەبیری خۆیاندابن، بۆ ئەم کارە هەوڵبدە لەقۆناغی منداڵێتیدائەوەندە چاودێرییان نەکەیت کە بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك و هەر بیرێك روخسـەت لەتۆ وەربگرن، ئەمـە خاڵێکی گرنگە کـە منداڵەکان لە هـەر تەمەنێکـدا کە هـەن، لەهەندێك زەمینەداروخسـەت وەربگرن و هەڵبەتە ئەم مەسـەلەیە پەیوەسـتە بەبۆچونی تـۆوە لەبـارەی ئامادەکردنـی هەر یەك لەمنداڵەکان سەبارەت بە قەبووڵکردنی بەرپرسیارێتی، ئەم ئامادەییە لە منداڵاندا جیاوازە، بەڵام ئەمە گرنگە کە یارمەتیان بدەیت تاوەکو لە رێنمایی کردندا پشـت بەخۆ ببەسـتن و لـە قەزاوەتی خۆیان نەترسـن، ئەمـە بەڵگـە نەویسـتە کە منداڵێکی تەمەن دە سـاڵە ناچار بێت بۆ ئەوەی کە بەشێکی شەو لەماڵی هاورێکەی بمێنێتەوە و روخسەت لە دایك وباوکی وەر بگرێت، بەڵام ئەمەی کە هەر ئەم منداڵە بۆ ئەوەی سـواری پاسـکیلی هاورێکەی ببێت یا تەنانـەت کرینی دۆندرمەیەك بریار بێت روخسـەت لە تۆ وەربگرێت، باشتروایە بەرپرسیارێتی ئەم جۆرەکارانە بەخودی خۆی بسـپێریت تاوەکو ئاشنا بێت بەدنیای شتە نەناسراوەکان کە بە "سەربەخۆیی هزری" ناودەبرێت.

وا بیر نەکەیتەوە کـە ئەوان ناتوانن بەرپرسـیارێتی وەربگـرن، هەڵبەتە لە بەجێهێنانـی هەندێك بەرپرسـیارێتی کەسـیدا کورتیان نواند ئەوا دەتوانیت ئەم مەسـەلەیە هاوپێـچ بکەیت لەگەڵ وەرگرتنـی روخسـەتدا، تەنانـەت لە سـاڵانی سـەرەتاییدا، لـە سـنورێکی ماقولدا دەرفەتیان بـدەرێ تا خاوەنی بەرپرسیارێتی بیرکردنەوە و کارکردنی خۆیان بن، پێویسـت نـاکات هەر کاتێك منداڵێکی دوو سـاڵە کە دەیەوێت یاری بـە بووکەڵەکـەی خۆی بـکات یاخود خـواردن بخوات، روخسـەت وەربگرێت، منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵان بۆ هەندێك لـەکارەکان دەتوانێت پشـت بەقەزاوەتی خۆی ببەستێت، بۆ نمونە لەکاتی خۆیدا کورتە خەوێـك بکات، بۆ خـۆی هاورێ هەڵبژێرێـت، یاخود وەك مرۆڤێك بڵێت حەزی لە چییە، منداڵێکی تەمەن دە ساڵان بە شێوەیەکی ئاسـایی ئامادەیی تەواوی هەیە نانی بەیانـی بۆ خۆی ئامادەبکات، جل و بەرگی خۆی بشـۆرێت، ژوورەکەی خۆی پاك بکاتەوە، کەل و پەلی یاریکردن بۆ خۆی هەڵبژێرێت، و چەند بریارێکی دیکەش بدات، تازەپێگەیشتوان دەتوانن ژیانی خۆیان ئیدارەبکەن، هەڵبەتە ئەگەر بەهرەمەنـد بـن لـە رێنمایکردنی تۆ وبزانن کە ئەگەر هاتوو سوود لەدەرفەتی باش وەرنەگـرن، ئەوا لێی بێبەش دەبن، روخسـەت وەرگرتن بۆ هـەر کارێك لە تایبەتمەندییەکانـی قۆناغی منداڵێتی یـە و ئەگـەر چـی دەبێـت لەتەمەنە جیاوازەکاندا روخسەت وەربگرن، بەڵام ئـەم خاڵـەش گرنگە کـە دەبێت خۆت ببوێریت لە چاودێریکردنـی بەردەوام و بیرکردنـەوە لـە بری ئـەوان، گەرنا رەنگە بەهۆی دەسـتێوەردانی بەردەوام لە ژیانیـان بترەنجێنن، یاخود بگۆردرێن بـۆ مرۆڤگەلێکـی بچوك کـە نەتوانن بیربکەنەوە، بۆ هەر کارێك پێویستیان بە راوێژی تۆ هەیە ویاخود دەست نادەنە هیچ کارێك مەگەر پێیان بڵێیت کە چی بکەن.

ئەگەرهانی منداڵان بدەیت تا خاوەنی سەربەخۆییەکی ماقول و هۆشیارانەبن، دەبینیـت کەخوو دەگرن بـە گۆرانکاری و دنیای شـتە نەناسـراوەکانەوە، بۆچی روخسەتی نەنوسراو نەوتراوت پێبەخشین تا دەربـارەی ژیانـی خۆیـان قەزاوەتی خۆیان ئەزموون بکـەن، بۆ مانگەکانی هاویـن و رۆژەکانـی بەرنامەرێـژی مەکە وروخسـەتیان بـدەرێ خۆیان بۆ خۆیان بەرنامەرێـژی بکەن، بۆ خۆتان زنجیرەیـەك سـەرگەرمی بەئەکتیڤ و زیندووتـان هەبێت و هەمـوو کاتەکانی خۆتان لە منداڵەکانتانا بەخەرج مەدەن، روخسـەتیان بدەنێ دەربارەی ئەوەی کە حەزیان لێیە بریار بـدەن وچێژ ببەن، هەندێکجار لەبری ئەوەی کە مامۆستایەکی تـەواو شـارەزا بیـت، قوتابی یـەك بە، منداڵێك کە هەموو رۆژەکانی بۆ بەرنامە رێژی کراوە لەداهاتوودا ئامادەیی ئەوەی تێدا نییە بتوانێت مامەڵەی دنیای شتە نەناسراوەکان بکات یاخود بە شێوەیەکی گونجاو ئیـدارەی گۆرانکارییەکان بکات، من بیسـتومە کە هەندێك دایك وباوك بەمنداڵەکانیـان دەڵێـن: "دەتوانیـت سەعات نۆ سواری پاسـکیل ببیت، بەڵام دەبێـت سـەعات دە و نیو لێـرەدا بیت، چونکـە میوانمان هەیـە، دواتر لەکاتی نیـوەرۆدا پێکەوە نانی نێوەرۆ دەخۆین، دواتـر سـەعات دووی پـاش نیـوەرۆ لێرەدا بـە دەمانەوێت برۆین بۆ پارك، سـەعات چوار ونیو دەتوانیت لەگەڵ باوکت بدوێیت وسەری سەعاتی شەش نانی ئێوارە دەخۆیـن، دوای نانی ئێوارە دەرۆیـن بۆ سـینەما و دەبێت سـەری سەعاتی نۆ بخەویت، چونکە بەیانی زوو هەڵتدەستێنم تا ئامادە بیت بۆ رۆژێکی سەرنجراکێشی دیکە".

ئەم جۆرە بەرنامەڕێژییە بۆ ژیانی منداڵێك یاخود تازەلاوێك ئەوەی فێر دەكات كە ئەو ئەسڵەن ئەقڵی نییە وئەگەر دەیەوێت بزانێت چۆنچۆنی چێژ لە ژیانی خۆی ببات دەبێت پرسیار لە دایك و باوكی بكات، چونكە ناتوانێت لە مەسەلە گەلێكی گرنگی لەم چەشنانەدا خۆی بۆ خۆی بریار بدات، هەڵبەتە مەبەستی من ئەمە نییە كە منداڵەكان رەها بكەیت و لەبیریان بكەیت، بەڵكو ئامۆژگاری من ئەمەیە كە گونجاندن وهاوسەنگی رەچاو بكەیت، یارمەتیان بدەیت تاوەكو بیر لەخۆیان بكەنەوە، گرنگی بدەن بە ئاسودەیی و خۆشبەختی خۆیان وپێگەی خۆیان دەرك بكەن، فێریان بكە كە دەبێت لەژیانی خۆیاندا هەندێك بەرپرسیارێتیان هەبێت وبزانن كە باشتر وایە دوور لە دەست تێوەردان و بەرپرسیارێتی كەسانی دیكە، بەرنامەرێژی ژیانی خۆیان بكەن.

13. هەوڵبدە ژیانی خۆت هاوڕێ بكەیت لەگەڵ سەركەوتندا و چێژ لە سەركەوتنی منداڵەكانت هەربگریت، هێندە دەست وەرمەدەرە ژیانی منداڵەكانت بە جۆرێك كە بوونت ببێتە بارێك لەسەر ژیانیان، لەهەمانكاتدا كە چێژ لە سەركەوتن و پێشكەوتنی منداڵەكانتان و هاورێیەتی ئەوان بۆ چالاكییە جیاوازەكانی وەك وەرزشی فوتابخانە دەبەیت، ئەمەش گرنگی هەیە كە روخسەتیان پێبدەیت كە بۆ خۆیان پەیگیری ئەم چالاكی یانە بكەن بەهۆی دەرەنجامێك كە جێگەی سەرنجی ئەوانە، بینەرێكی بەزەوق و شەوق بە، بەڵام دڵنیا بە ئەزمونەكانی ئەوان پەیوەستە بە خودی خۆیان و ئەزمونی تۆش پەیوەستە بەخودی خۆتەوە، بە منداڵەكانت نیشانبدە كە تۆش هەروەك ئەوان دڵپەیوەستیت هەیە، ئەگەر بە چوونە دەرەوەی تۆ لەماڵەوە، ئەوان نارەحەت دەبن ئەوا بە رەوشێكی ماقول و هاوكات یەكلاكەرەوە بۆیان رونبكەرەوە كە تۆش وەك ئەوان حەز دەكەیت یاری بكەیت، تۆش بابەتگەلێك هەن كە جێگەی حەز وئارەزووتن و حەزدەكەیت كە لەگەڵ دۆستەكانی خۆتدا تەنیا بیت، پاشان كارێكیش ئەنجام بدەیت! ئەگەر هەست بە رەزامەندی سەركەوتن بكەیت، ئەگەر هەست بكەیت بەوەی كە گرنگیت پێدەدەن، دایك وباوكێكی باشتر دەبیت وتەنانەت مرۆڤیكی باشتر دەبیت، تا ئەوەی كە لە ماڵەوە گرفتاری خواست و چاوەروانییەكانی منداڵەكانی خۆت بیت، ئەگەر لەژیانێكی بەردواردا بەرهەم و لە كۆمەڵگەدا مرۆڤێكی گرنگ بیت و چێژ لە ژیانی خۆت ببەیت، ئەوا باشترین نمونە و پێشەنگی زیندوودەبیت بۆ منداڵەكانت.

لە ژیانی رۆژانەدا بۆ منداڵەكانت پێشەنگ بە، تەنانەت ئەگەر چی لە گەڵیشت دەجەنگن تا تۆ بیری خۆت بگۆڕیت و دیلی خواستەكانی ئەوان بیت، منداڵان نیازیان بەرابەرێك هەیە لە مرۆڤێكی خۆشبەخت و خۆسازە، نەك كەسێك كە وەك منداڵەكان دەژی وچەند ساتێك دواتر دووچاری پەرێشانی و نیگەرانی دەبێت.

14. هەرگیز ئامۆژگاری منداڵەكانت نەكەیت كە هەموو تەمەنیان سنوردار بكەیت، منداڵانێك كە هەمیشە پێی دەڵێن وەرزشكار نییە بەخێرایی ئەم وێنایە لەمێشكیدا دروست دەبێت و دەچەسپێت، سەرەنجام لە هەموو چالاكییەكی وەرزشی دوور دەكەوێتەوە و رەفتاری خۆی بەم وێنانە ئاراستەدەكات: "من ئەسڵەن وەرزشكار نیم وهەرگیزیش نەبووم جەوهەری من ئاوەهایە، رێگەچارەیەكم نییە" هانی منداڵەكان بدە تا لە ژیاندا هەموو شتێك ئەزمون بكەن، لەو زەمینانەدا كەهەست دەكەن لاوازن مەشق بكەن وئەو تێروانینانەی كە بۆ خۆیان هەیانەو ئاستەنگە لەبەر دەم چێژ بردنیان لە ژیان بیخەنە كەنارەوە و شتێك نەڵێن كە چاوەروانی ئەوان لە خۆیان لاواز دەكات، هەر كەسێك لە خۆیدا ئەو تواناییەی تێدایە تاوەكو لە هەر زەمینەیەكدا لە كاروبارانێكدا كە بە مرۆڤەوە پەیوەستە، بێ وێنە و دەگمەن بێت، هەڵبەتە ئەگەر خۆی بیەوێت، هەرگیز بۆ ساتانێكیش رێگە بە خۆتان نەدەن وا بیر بكەنەوە كە بە هۆی وێناكردنێكی كۆن و رزیوەوە كە بەرامبەر بە خۆتان هەتانە، پێتان وا بێت كە ئەوان ناتوانن كارێك ئەنجام بدەن، هەركات بیستت كە دەڵێن: "من توانام نییە" یا "من جوان نیم"یا "من باش نیم" وەڵام بدەرەوە: "تۆ خۆت وا بیر دەكەیتەوە، حەز دەكەیت بیرت بگۆرە؟ " لێگەرێ بزانن ئەگەر چی ئەوان متمانەیان بە خۆیان نییە، بەڵام تۆ باشتر دەزانیت.

15. لەبری ئەوەی بڵێیت: "ئەوپەری هەوڵی خۆت بدە" تەنیا بڵێ "ئەم كارە ئەنجام بدە" گورازشتی "ئەوپەری هەوڵی خۆتبدە" وەهم و وێنایەكی پوچە، چونكە مرۆڤ هیچ كاتێك لەژیانی خۆیدا نازانێت ئەوپەری هەوڵی ئەو چییە، وێرای ئەوە پێویست ناكات مرۆڤ لە هەموو ئەو زەمینانەی كە بەوەوە پەیوەستە سەركەوتوو بێت، چێژوەرگرتن لە ژیان زۆر لەمە گرنگترە كە كاركردی تۆ پلەبەندی بكرێت، منداڵەكان نابێت بكەونە پێگەیەكی واوە كە بەهای ئەوان پەیوەستە بە شێوەی كاركردی ئەوانەوە، ئەگەرچی زۆر باشە كە چەند حاڵەتێكی سنورداردا نایاب بن، بەڵام زۆر ئەقڵانیتر و باشترە لە زەمینە جۆراوجۆرەكاندا كۆشش بكەن و ئەوزەمینانە پەیگیری

بکەن، نەك ئەمەی کە ناچار بن لەهەموو ئەوزەمینانەدا یەکەم و سەرکەوتوو بن، ئەو منداڵانەی وا وێنا دەکەن کە دەبێت هەمیشە نایاب بن، لەبری ئەوەی ڕووبەڕووی ئەگەری شکست ببنەوە، هەوڵدەدەن لێی دوور بکەونەوە و لەو نێوەندەشدا ڕەنگە هەوڵی هەمیشەیی بو ئەوەی کە باشترین بن، دووچاری پەرێشانی و نیگەرانی بن.

ئەگەر پێشکەوتن لە کاروباردا بەنیشانەی دیاری سەرکەوتن بزانین، ئەوا لەهەڵسەنگاندنی خۆماندا سودمان لەکەرەستەی بێ نرخ بردووە، لە کاتێکدا کە سوود وەرگرتن لە ئاسودە خاتری و بەدەستهێنانی دەسەڵات لە بری پێودانگە دەرەکیەکانی پێشکەوتن، نیشانەگەلێکی باشترن، هەروەها ئەگەر منداڵەکەت فێر بێت بەخەیاڵ ئاسودەییەوە بە ئاراستەی ئارەزووەکانی خۆیدا هەنگاو هەڵگرێت و کارێکی بە پێناسەی کەسانی دیکەوە نەبێت کە بۆ سەرکەوتن دەیکەن، سەرکەوتنگەلێکی زاهیری لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا دەبێتە بەشی منداڵەکەت، سەرکەوتنیش هەروەك ئەشق و خۆشبەختی حاڵەتێکی دەروونییە، لەبەر ئەوە لەبری ئەوەی هەوڵبدەیت بە چالاکییەکانت بەدەستی بێنیت، خودی خۆت سەرکەوتن بکەرە بەش و پشکی چالاکییەکانت، منداڵەکانت فێر بکە تاوەکو چێژ لە ژیان وەربگرن و لە هەموو کارێکدا کە ئەنجامی دەدەن هەست بە ئاسودەیی بکەن، تاوەکو سەرکەوتن بەو پێناسەیەی کە من لێردا دەیخەمەڕوو لە هەموو ژیاندا هاورێیان بێت، ڕێگەیەکی دیکە (و لە ڕاستیدا ڕێگەی هەڵە) ئەمەیە کە منداڵەکانت ناچار بکەیت کە لە دووی پێشکەوتنی زیاتر و زیاتردا بن وسەرەنجام لە هەموو تەمەندا دووچاری نەخۆشی یەك بن بە ناوی "پێشکەوتنەوە" و هەمیشەش سەرکەوتن لە دەستیان هەڵبێت.

16. هێندە منداڵەکان مەخەرە ژێر فشارەوە تا ناچاریان بکەیت کە لە هەموو شتێکدا سەرکەوتوو بن، بەڵکو فێریان بکە هەموو کارێك ئەنجام بدەن و وابیر نەکەنەوە کە زەرەر دەکەن، لە هەمان کاتدا کە نمرەی نایاب شتێکی باشە، بەڵام زانست زۆر لەوە بەرز وپیرۆزترە، لە هەمان کاتدا کە بەدەستهێنانی خەڵات و مەدالیا کارێکی جوانە، بەڵام بەشداریکردن لە پێشبرکێی پاڵەوانی وجۆش و خرۆشی ژیان، زۆر بەسودترە لەو فشارە ڕادەبەدەرەی کە بۆ سەرکەوتن و بردنەوە بەخەرج دەدرێت، بۆ ئامادە بوون لەگروپ یاخود بەدەستهێنانی مەدالیا، فشارێکی زۆر دەخرێتە سەر منداڵان کە بە زۆری لە توانای ئەوان بەدەرە، هەروەها ئەم کارە فێریان دەکات کەپاداشتی ڕواڵەتی، ڕەگەزی سەرەکی سەرکەوتنە، هیچ شتێك لە ڕاستگۆیی باشتر نییە، هەبوونی ئارامی دەروون، ئامانجدار بوون، ئەمەی کە مرۆڤ بتوانێت پێبکەنێت وچێژ لە ژیانببات هەموو ئەوگۆڕانکارییانەی کە پێشتر ئاماژەم پێدان تایبەتمەندییە ڕاستییەکانی مرۆڤێکی بە توانایە وهیچ کام لەم تایبەتمەندییانە لەسەرچاوەی دەرەکییەوە سەرچاوە ناگرن.

17. هەوڵبدە نیشانەی نرخ و بەهاپەرستی لەژیانی منداڵەکەت دوور بخەیتەوە، منداڵانێك کە فێری پارە پەرستی دەبن تەنیا لەشوێن ئەو شتانەدان کە دەتوانرێت بەپارە بکردرێن و ئەمەش ڕێگەیەکی زۆر سنوردارە لەژیاندا، منداڵان فێری بەها مەعریفییەکان بکەوجەخت لە سەر خەیاڵی بکە کە سەرەنجام چێژ بردن لە ژیان بەدەست دێت، کەسانێك کە فێر بوون بیر لە پارە و پوڵ بکەنەوە ولەسەر بناغەی ئەندازەی پارە ژیان هەڵدەسەنگێنن، بە دەگمەن بیر لە شتێکی دیکە دەکەنەوە، لە هەمانکاتدا شتێکی باشە کە منداڵان نرخی پارە بزانن، بەڵام ئەم خاڵەش گرنگە کە فێریان بکەین بەها و نرخ بەپارە و پوڵ دیاری ناکرێت، بەڵکو بەها و نرخ پەیوەستە بە ئەندازەی ئەو چێژەی کە لە کار یاخود ئامانج دەیبەین

18. هەوڵبدە کەشێکی کراوە لەناو خێزاندا فەراهەم بکەیت، ڕەوشەکە بەجۆرێك فەراهەم بهێنە تابتوانن دەربارەی هەر شتێك بدوێیت، هەر جۆرە ئاستەنگێکی نێوان خۆت و منداڵەکانت لەنێو ببە، ئاگاداری ئەومەسەلانە بە کە پەیوەندی بە نەوجەوانانەوە هەیە، هانی منداڵەکانت بدە تاوەکو چێژ لە لاوێتی خۆیان ببەن و دەربارەی هەر شتێك کە ئازاریان دەدات پرسیارتان لێبکەن، لێگەڕێ با خەندەیان منداڵێتی خۆت وەبیر بهێننەوە، لەبری ئەوەی کەشێکی داخراو، نیگەرانی بەخش، و نادیار بهێنیتە ئاراوە، کەشێکی کراوە و ڕاستگۆیانە فەراهەم بکە، دوور لە هەر جۆرە قەزاوەتێك کە ڕەنگە پەیوەندی نێوان منداڵان و دایك و باوك بشێوێنێت، تا منداڵەکان بتوانن ئازاد بن و دەربارەی ژیان پرسیار بکەن، لەکەنار خوانی شەوێدا، یا لەکاتێکی دیاریکراوی دیکەدا چەندین دانیشتن بۆ گفتوگۆ وقسەباس بەرپا بکەو ئەوە نیشان بدە کە هیچ جۆرە دەمارگیری یەکت نییە و نیشانی بدە کە سوك ناروانیتە ئەو دیدگایانەی ئەوان کە لە لاوییەوە سەرچاوە دەگرێت، لە ڕاستیدا ئەگەر گرنگی پێدانێکت هەبێت بەم بابەتە، ئەوا دەرفەتێکی زیاترت دەبێت بۆ کەمکردنەوەی دەمارگیری و پێشوەخت داوەریکردنەکانی خۆت و بەم پێیە ڕەنگە دەربارەی شتگەلێکی نوێ کە پەیوەستە بە

منداڵەکانتەوە، هەستیارییەکی کەمترت هەبێت و بۆ گوێ گرتن لەقسەکانیان ئامادەتر بیت.

19. بەڵێن بدە بە منداڵەکانت لە کاتی ئامادەیی کەسانی دیکەدا باس لە عەیبە و کەم وکورتییەکانیان نەکەیت و لەبەرامبەر ئێوەش هەر ئەوە لەوان چاوەڕوان بکەن، هیچ کەسێك حەزناکات لەبەرامبەرکەسانی دیکەدا باسی عەیبەکانی بکەن، ئەو منداڵانەی کە هەمیشە لەئامادەیی کۆمەڵێکدا باس لە هەڵەکانیان دەکرێت کەم کەم لەقسەکردن دەترسن لە ناو کۆمەڵدا و دەترسن کە پێیانپێبکەنن، ئەم ترسە کاتێك خۆی نیشاندەدات کە منداڵان خۆیان دەبوێرن لە ئەنجامدانی کارە نوێیەکان وخۆیان دەبوێرن لە دواندن دەربارەی خۆیان، باوك یان دایکێك کە هەمیشە هەڵەی زارەکی ونازارەکی منداڵەکەی خۆی وەبیردەهێنێتەوە یاخود لەبەرامبەر کەسانی بێگانەدا هەڵەکانی ئەودووبارە دەکاتەوە، جۆرە خواستە لە منداڵەکاندا دروست دەکات تا دوورەپەرێز بێت لەخەڵکی لەگەڵ ئەوەشدا نارەحەت و تووڕەشیان دەکات، ئەگەر وا هەست دەکەیت ئەم کارە لەپێناو بەرژەوەندی خودی منداڵەکەدا ئەنجام دەدەیت، کەواتە لە کاتێکداکە ئەو تەنهایە هەڵەکەی بەوە گوێدابدە، منداڵێك کە هەمیشە لەژێر چاودێریدایە و بزانێت کە سەرزەنشتێك لەسەر ڕێگەیە، ڕێزی کەسی بەرامبەر ناگرێت و دواجار هەوڵدەدات پەیوەندی بپچڕێنێت. واتە لە بیرتان بێت هیچ کەسێك پێی خۆش نییە لە بەرامبەری کۆمەڵدا باس لە هەڵەکەی بکەن، ئەم خاڵەتان هەمیشە لە یاد بێت و بەوهۆیەوەکە بیر دەکەنەوە باشی منداڵەکانتان دەوێت، دووبارەی مەکەرەوە، لە بری ئەوەدا بۆ منداڵەکەت وەك براو دۆست بە ئەگەر دەتەوێت بە چاککردنی هەڵەکانیان یارمەتیان بدەیت، لانی کەم ڕەچاوی ئەدەب بکە و ئەو کارە بە شێوازی تایبەت ئەنجام بدە.

20. هەڵسوکەوتە پۆزەتیڤەکان بەهێز بکە نەك هەڵس وکەوتە نێگەتیڤەکان، کاتێك کە کارانێکی دروست ئەنجام دەدەن ئەوا گرنگیان پێبدە و لەهەمان کاتدا کاتێك کە کارەکانیان بەبۆچوونی تۆ نادروستە، ئەوا نادیدەی بگرە، هاندان دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵان گۆڕانکاری قەبووڵ بکەن و لێدان ئەوەیان فێر دەکات کە لەگۆڕانکاری بترسن، منداڵانی دوودڵ وترسنۆك کە دەزانن چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرێت بە هەڵەکار ئەنجام بدەن، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ نائومێدت ناکەن و کارگەلێکی وا ئەنجامدەدەن کە سەرنجت رابکێشن و لەو کارانە بێت کە جێگەی هاندانی تۆن، لەبەر ئەوە هەوڵبدە لەریزی ئەو خەڵکانەدا نەبیت کاتێك منداڵان کارێکی هەڵە ئەنجام دەدەن، مەچەکی منداڵەکان دەگرن.

21. بەسەرهاتو بۆ بگێڕەوە، تا خاڵێك کە پاڵەوانەکە ڕووبەڕووی مەترسییەك دەبێتەوە، پاشان داوایان لێبکە کە چیرۆکەکە تەواو بکەن ودواتر دەربارەی شێوەی کاری ئەو بدوێ، دەرفەت بەمنداڵەکان بدە تاوەکو لەو داهێنەر وسازێنەرانەی کە تۆ دەیگێڕیتەوە، خودی ئەوان ڕۆڵ بگێڕن ڕەوشگەلێکی نوێ دروست بکەن، شێوەی گێڕانەوەی ئەفسانە دەتوانێت هزری منداڵان بەهێزبکات و منداڵە بچکۆلەکان حەزدەکەن کە ئەفسانەی تازە و نوێ ببیستن، کارگەلێکی نوێیان لەگەڵدا ئەنجام بدەن، وەك "گەمەی من هاوڕێی نوێی تۆم، پرسیارم لێبکە تا بزانی من کێم و حەز لە چ کارێك دەکەیت ئەنجامی بدەم".

ئەوەی کە پێت وایە بۆ منداڵ گونجاوە، ئەنجامی بدە، بێگومان حەز دەکەیت هۆشیار و داهێنەر بن، دەربارەی سەرزەمینانێکی نوێ لێکۆڵینەوە بکەن، دەربارەی جیهان بخوێننەوە و هەموو ڕۆژێك فێر بە موعجیزەیەك بزانن، چاوەڕوانییان لێدەکەیت لە بەرامبەر گۆڕانکارییدا ئاسوودە بن وپێشوازی لێبکەن، بە تەواوی دڵنیام دەتوانیت چەند بابەتێکی دیکەی بەنرخ بۆ ئەم ئامۆژگارییانە زیاد بکەیت کە لەم بەشەدا خستمەڕوو، کەبە ئەندازەی ئەم ئامۆژگارییانە بەسوود بێت، پوختەیەکی سەرنجڕاکێش لە بابەتەکانی ئەم بەشە یارمەتی منداڵەکانت دەدات پێشوازی لە گۆڕانکاری بکەن و دووی شتە نەناسراوەکان بکەون، دەڵێت: "ئەگەر بە هەمان شێوە مامەڵە بکەیت لەگەڵ خەڵکیدا کە هەن، ئەوا ئەوان بە هەمان شێوە دەمێننەوە، ئەگەر بە شێوەیەك مامەڵەیان بکەیت وەك ئەوەی ئەوان ئەوە بن کە دەتوانن، هەن، ئەوا یارمەتیتداون تا ئەوە بن کە توانایان هەیە".

لەگەڵ منداڵاندا بەجۆرێك مامەڵە بکە وەك ئەوەی کە هەر ئێستا بە گەورەیی و شکۆیی خۆیان گەیشتوون، وەك ئەوەی کە مرۆڤگەلێکی بەتوانان کە پێشوازی لە گۆڕانکاری دەکەن و لەنەناسراوەکان ناترسن، بە ئەندازەی پێویست ئەم کارە دووبارە بکەرەوە و ئەوان بە کردە دەبنە ئەوەی کە لە خەونەکانیاندا هەن.